سەرۆک وەزیران دەستپێکردنەوەی کارکردن لە شاری نیشتەجێبوونی بەسمایە هادەگەیەنێت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرپەرشتی یاداشتنامەیەکی لەکتێگەیشتنی کرد لە نێوان دەستەی وەبەرهێنان و کەمپانیای هانوای کۆریا بە دەستپێکردنەوەی کارەکانی لە شاری نیشتەجێبوونی بەسمایە، ئەمەش لە میانەی سەردانێکیدا بۆیانی ئەمە دووشەممە بە شارەکە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە سەردانەکە دیدارێک ئەنجامدرا لەگەڵ کەمەڵک لە دانیشتوانی شاری بەسمایە، و گوێی لە تێبینییەکانیان گرت سەبارەت بەو خزمەتگوزارییەکان و فەرمانی کرد بەدواداچوونیان بە بکەن، هەروەها بەڵێنیان ژمارەیەک بەندی فرەشتنی یەکەی نیشتەجێبوونی بەسەر کەیارانی نوێدا دابەش کرد.

لە میانەی ڕووسمی واژەکردنی ڕێککەوتنەکەدا، سودانی جەختی لەوە کردەوە کە سەردانەکەی بە شاری بەسمایە لە چوارچێوەی جددیەتی حکومەتدایە بە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بەگشتی و گرنگیدانی تایبەت بە ئەم پرۆژە بەرنپەدراو و گرنگەی نیشتەجێبوون بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە کەمەگەکەمان بەدەستییەوە دەناڵێنێت و ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەنجومەنی وەزیران لە تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا تەواوکردنی 30هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی پەسند کرد لە بەسمایە و دەسەڵاتی دا بە

دەستی وەبەرهێنان بە گۆڕان بەدوای سەرچاوەی دارایيدا بە تەواوکردنی 70 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی دیکە.

سەرۆک وەزیران واژە کردنی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن بە دەستپێکردنەوەی کارەکان بە هەنگاوێکی گرنگ و پێیامێک وەسف کرد کە جدیەتی هەردوو لایەن دەردەبڕێت بە دەستپێکردنەوەی کار و جێبەجێکردنی پڕۆژەکە و جێختیشی کردەوە لەسەر پابەندبوونی حکومەت بە پشتیوانیکردنی هەموو هەوڵەکان بە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کە تاکە پڕۆژەیە خەڵکی خاوەن داهاتی مامناوەند دەکاتە ئامانج.

هەروەها سودانی پێزانینی خۆی بە کەمپانیای هانوای کۆری دەربڕی، کە لە ماوەی ساڵانی توندوتیژی و ناسەقامگیریدا لە عێراق کاری کردووە، ئەمەش داوامان لەدەکات پشتیوانی لە بکەین بە تەپڵاندنی هەموو بەربەستەکانی بەردەمی و ئاماژەی بە ئۆگری ئەوە کرد کە کەمپانیاکە بەشدار بێت لە پڕۆژەکانی دیکە بە هەی ئەو ڕەزامەندییە لە توانا و جدییەی لە کارکردن.